## وتووێژ لەگەڵ

# د. جەعفەر شێخولئیسلامی

## بەشی کۆتایی

سازدانی وتووێژ: ئاگری ئیسماعیل‌نژاد

*کاک دوکتور پێم وایە زۆرمان باس لەسەر ئەوە کرد کە وشە لەنێو زماندا بەهەرحاڵ ببێت، قەیران نییە بۆ زمان، بەڵام لە ٨٠ یان ٩٠ ساڵی ڕابردوودا ئێمە ڕەوتێکیشمان هەبوو بەناوی ڕەوتی پەتیکردنی زمانی کوردی و لە موکریانیشەوە دەستی پێکرد، قازانج و خەسارەکانی ئەم ڕەوتە چییە؟*



پەتیگەری واتە دەرهاویشتنی ئەو بەشانەی زمانێک کە بە بیانی/بێگانە دەزانرێن یان نەخوازراون. پەتیگەریی زمانی بە گشتی لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕی زمانیدا ڕادەوەستێت، بەو واتایە کە پێی وایە، زمان نابێ بگۆڕێت بەتایبەتی بە وەرگرتن لە زمانەکانی دیکە. بەڵام، ئەگەر بگۆڕێت بۆ خۆدوورکردنەوە لە زمانەکانی دیکە ئەوە باشە. ئەمە پەتیگەریی هەرە تۆخە. پەتیگەری دەکرێ لایەنی مۆدێرنیشی هەبێت، کاتێک زمان پێویستە بگۆڕێت بۆ ئەوە کە خۆی لەگەڵ سەردەمدا ڕێک بخات. بەڵام، ئەو گۆڕانە بە واتای وەرگرتن لە زمانەکانی دیکە نییە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە وشە و دەربڕینی نوێ و ڕێکوپێک دابتاشرێن و بڵاو بکرێنەوە. پەتیگەریی زمانی لەسەر چەند باوەڕ لە ئاستی زمان دامەزراوە: (١) زمانەکان دەکرێ لە هەموو لایەنێکەوە لە یەکتر جیا بکرێنەوە. بەڵام، ئەمە هەموو کات ڕاست نییە. بۆ نموونە، لایەنی سیاسی لێ دەربچێت، زەحمەتە هیچ پێوانەیەکی زمانناسانە نۆروێژی و سوێدی لە یەکدی جیا بکاتەوە. (٢) ئەگەر زمانێک توخمی زمانێکی دیکەی تێدا بێت، ناخالیس دەبێت و سەربەخۆییی خۆی لەدەست دەدات. ئەمەش ڕاست نییە. کەمتر زمانێک لەم دنیایەدا هەیە کە لە زمانەکانی دیکە وەرنەگرێت. تەنانەت زمانێکی بەهێزی وەکوو ئینگلیزی لە زۆربەی زمانەکانی دنیا وەریگرتووە و وەردەگرێت. (٣) بۆ ئەوە کە خەڵکێک بتوانێت لە ئاستی ئیتنیکی یان نەتەوەییەوە خۆی بە جیا دابنێت، پێویستە زمانەکەشی بە تەواوی جیاواز بێت لە زمانی خەڵکانی دەوروبەر. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرە ناسیۆنالیستییەی کە دەڵێ، ئیتنیک یان نەتەوە بوون واتە جیاوازبوون لە ئەوانی دیکە لە چەند لایەنەوە، لەوانەش زمان.

هەرچەند پەتیگەری تا ڕادەیەکی زۆر دیاردەیەکی جیهانییە و، لە زۆربەی کاتەکان و زۆربەی شوێنەکاندا بینراوە، ئەم ڕەوتە زۆرتر لە هەموو شوێنی دیکە لەناو ئەو خەڵک و نەتەوانەدا بینراوە و دەبیندرێت کە یان خاوەنی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستین یان دەوڵەت-نەتەوەکەیان تازە دامەزراوە. واتە، پەتیگەریی زمانی بەشێکە لە پرۆسەی نەتەوە دامەزراندن بە واتا مۆدێرن و ناسیۆنالیستییەکەی. بەڵام، پرۆسەکە دەکرێت دێموکراتیک بکرێت، بە ڕەچاوکردنی دوو ڕەوت: ١. داتاشین و ڕۆنانی وشە و دەربڕینی نوێ بۆ چەمک و دیاردەی نوێ؛ ٢. کەلکوەرگرتن لە وشە و دەربڕینی زمانە جیرانەکان کە دەمێکە لەناو زمانی کوردیدا باون. پەتیگەریی سەرەڕۆیانە دەتوانێت زمان لە لای خەڵک نامۆ بکات.

پز دەکرێت هەم لایەنی بێزراوی لە ئەوی دیکەی هەبێت (دژی زمان و نەتەوەیەکی دیکە) و هەم دەتوانێت لایەنی دێمۆکراتیک و ئەرێنی هەبێت. لە لایەکەوە، دژ بە زمانێکی دیکە بوون، چونکە هەندێک لایەنی ئەو زمانە لە زمانەکەی ئێمەدا هەیە، لەوانەیە بگاتە ئەو ئاستەی کە ڕقمان لە ئەو خەڵکەش بێت بەو زمانەی دیکە قسە دەکەن یان دەنووسن. ئەمە لایەنی نەرێنیی پەتیگەرییە. لایەنێکی نەرێنیی

دیکەی پز ئەمەیە کە وشە بیانییەکان هەموو دەرباوێین، لە دەستیشمان نەیەت جێگایان بە وشەی نوێی داتاشراو و پەسندکراو پڕ بکەینەوە. ئەگەر ئاوا بێ، لەوانەیە زمانەکەمان لە دەربڕینی بیری نوێ و فکری قووڵدا دەستەوەستان بمێنێتەوە. بۆ نموونە، قامووسی کوردی هەیە کە لە باتی سێ وشەی عەرەبی یەک وشەی 'یاسا'ی داناوە: قاعده، مقررات، قانون. ئەمە زمان بێدەسەڵات کردنە، چونکە واتای هەر کام لەم سێ وشەیە جیاوازە، هەر بۆیەشە، هاوواتای جیاواز بۆ هەرسێک وشە لە عەرەبی، ئینگلیزی، فەرانسەیی و .... هتددا هەیە. تەنانەت فارسی هەر سێ وشە عەرەبییەکەی هەڵگرتووەتەوە و کەڵکیان لێوەردەگرێت. ئەگەر لە زمانێکدا چەند واتای ئاوا تەکنیکی و هەستیار هەر بە یەک وشە دەربڕین، زمانەکە بێهێز دەکەین. کە زمانیش کەم هێز بوو، بیرکردنەوە بەو جۆرە بڕ ناکات کە دەبێ بیکات. بیرکردنەوەی قووڵ بە زمانی دەستبلاو و بەبڕشت دەکرێت. هەتا وشە و بڕستی دەربڕینی زمانێک بەرتەسکتر بێت، بیرکردنەوە پێی تەنکتر و نزمتر دەبێت.

پز لایەنی ئەرێنیشی هەیە. داتاشینی وشە دەتوانێ لێهاتوویی‌یەکانی زمانێک (هێزی بەرهەڤکردن) دەربخات، دەست و باڵی زمانێک زۆرتر بکاتەوە و دەوڵەمەندتری بکات. ئەمە دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر بکرێت: داتاشینی وشەی نوێ بە پێی پێکهاتە و لێهاتوویی زمانیی زمانەکەمان (بۆ نموونە: ماڵپەڕ بۆ وێبسایت)، وەرگرتنی ئەو وشە نوێیانە کە لەگەڵ بەرهەم یان چەمکێکی نوێ دێنە ناوچەی کوردیئاخێو (بۆ نموونە: سپۆنسەر/سپانسر بۆ پشتیوانیی ماڵی لە پرۆگرامێک یان هەڵمەتێک)، و ئەو وشانەی کە هەر لە زمانەکەدا هەبوون، بەڵام بۆ ئاماژەکردن بە کەلوپەلێک یان چەمکێکی کۆن دەکار دەهاتن (بۆ نموونە، دەتوانین بە یەخچاڵ/سەلاجە بڵێین: چاڵەبەفر. سەرنج: لە فارسیدا ئەمە کراوە و تەواو جێگای خۆشی کردووەتەوە). ئەم جۆرە کارانە هەندێک جار لە لایەن دەزگایەکەوە دەکرێت، هەندێک جاریش لە لایەن میدیاوە، یان لە لایەن تاکەکانەوە. هەندێکیان جێگای خۆیان دەکەنەوە و هەندێکیش جێگیر نابن. لەهەرحاڵدا، ئەمە زۆر گرینگە کە وشە و دەربڕینەکە لە لایەن کۆمەڵگەوە وەربگیرێن.

هەموو ئەم ڕەوتانە، ئەم لایەنە ئەرێنی و نەرێنییانە، لەناو کوردانیشدا هەن. ئەوەی کە زۆرتر قسەوباسی لەسەر بووە، لایەنی ناسنامە بووە، واتە ئەو بیرە کە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت خۆی لە نەتەوە باڵادەستەکان جیا بکاتەوە دەبێ زمانەکەشی جیا بێت. نەتەوەی باڵادەست کێ و چییە، شتێکی ڕێژەیی‌یە. مەبەست چییە؟ بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، باڵادەستەکە یان "ئەوی دیکە" زمانی فارسییە و بۆ باشوور عەرەبییە، بۆیە کوردی ڕۆژهەڵات لەباتی "فشار" لەوانەیە بنووسێت "زەخت" (کە عەرەبییە) و، کوردی باشووریش لە باتی "شەڕانی" دەنووسێت "شەڕئەنگێز"، یان لە باتی نەک هەر وشەی عەرەبی، بەڵکوو دەیان وشەی کوردی وەکوو جوان، دەلال، جندی، شەنگ، شۆخ و هتد، دەنووسێت: "قەشەنگ." ئەمە بە مەبەستی پەتیگەری دەکرێت، کەچی ئاکامەکەی ڕەنگە بەپێچەوانەوە بێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە چی پەتیگەرییە و چی نییە، ئایا پێویستە یان پێویست نییە، وەڵامی جیاواز دەخوازێت، چونکە هەموو دیاردەکەی ڕێژەیی‌یە. با نموونەی زمانی ئینگلیزیتان بۆ باس بکەم.

سەردەمانێک ئەمریکا لە بریتانیا ڕاست بۆوە و گوتی: سەربەخۆییم گەرەکە؛ من لە تۆ جیاوازم. بۆ خۆ جیاکردنەوە لە

بریتانیا کەســانی وەکوو وێبســتر (Noah Webster, 1758-1843) دەســتیان کرد بــە جیاکردنەوەی ئینگلیزیــی ئەمریکا لە ئینگلیزیی بریتانیا.

ئینگلیزیــی ئامریکایی لــە زۆر لایەنەوە جیاوازە لە ئینگیزیی بریتانیا: راوێژ/تەلەفوز (فۆنەتیک)، وشــە، رێزمــان و، رێنووس (کاتــی خۆی لە وتارێکمــدا لە رۆژنامەی هاوڵاتی هەندێک لــەم جیاوازییانەم باس کــردوون). بۆ نموونە، ئینگلســتانی دەڵێ "لێفــت"، ئەمریکی دەڵــێ " ئێلێڤەیتر" (بۆ ئاسانســۆر)، کــە ئاسانســۆر بۆخۆی فەرانســەیی‌یە. "لێفت"ی ئینگلســتانی بــە واتای "هەڵگرتــن"ە و "ئێلێڤەیتر"ی ئەمریکایــی بە واتــای "بەرزکردنەوەیە". یان جیاوازیی "فلەت" و "ئەپارتمنت" بە واتــای ئاپارتمان، یان "بووت" و "ترانک" بە واتای ســندووقی پشــتەوەی ماشێن/ سەیارە. هەر بەم هۆیەشە کە کاتی خۆی ئەمریکایی‌یەکان بە پەیکەرەی بەناوبانگی نیۆیۆرکیــان نەگوت، فریدم ســتەچووت یان ســتەچووت ئاڤ فریــدم (پەیکەرەی ئازادی)، بەڵکوو وشەیەکی فەرانسەیی‌یان هەڵبژارد بۆ ئەوەی خۆیان لە ئینگلســتان جیا بکەنەوە و گوتیان، "ســتەچووت ئاڤ لبرتی" (پەیکەرەی ئــازادی). بێجگە لە ئەمانــە، جیاوازیی رێزمانیــش لەنێو ئەو دوو شــێوەزارەی ئینگلیســیدا هەیە. لە رێنووسیشدا هەروەتر. بۆ نموونە، زۆربەی ئەو وشانەی کە دوو پیتی ئۆ و یوو (o, u) یان تێدایە، لە رێنووسی ئەمریکاییدا دەبن بە ئۆ (o)، یان زۆر وشــە کە س (s) یان تێدایە لە ئینگلیزیی ئەمریکاییدا دەبن بە ز (z)، یان (re) دەبێت بە (er). هەندێک لەم نموونانە ئەمانەن (color, neighbor, labor, organization, center). تەنانەت کاتێ ئەلفوبێی زمانەکە فێری منداڵەکانیان دەکەن، ناوی جیاوازیــان بۆ هەندێک لە پیتەکان هەیە، وەکوو زێد (z) و زی (z). کەچــی، هیچ کام لــەم جیاوازییانە، یان قەرزکردنی نزیکەی ٥٠ لە ســەدی وشە و دەربڕینی یۆنانی و لاتین و فەرەنســی نەبوونە بەرهەڵســت بۆ ئــەوە کە زمانی ئینگلیــزی ببێتە بەدەســەلاتترین زمانی دنیا.

کورت و پوخــت: پەتیگەریــی زمانی لە کۆنــەوە هەبووە بەتایبەت لەناو ئەو جڤاتە زمانییانەدا کە یان ناســنامەیان کەتووەتە بــەر هێرشــی توانەوە، یان لە پرۆســەی دامەزراندنی کیانی سیاسیدا بوون و هتد. پەتیگەریــش دەتوانێت لایەنــی ئەرێنی هەبێت هەم لە لایەنی سیاسییەوە و هەم لە لایەنی زمانییەوە. بەڵام، ئەگەر وشــیار نەبین، دەکــرێ لایەنی زۆر نەرێنیشــی هەبێت تا رادەیەک کــە رەنگە زیانەکانی قەرەبوو نەکرێنەوە.

*بابەتێــک هەیــە دەربــارەی زمانــی کوردی، ئێمە لە ســەدەی ١٩ ش نووسین بە زمانی کوردیمان هەبوو، پێشــتریش تەنانەت ئەگەر بچینە سەر زاراوەی گۆران و متونی کە دەقی ئایینی یارسانی پێ نووسراوە زۆر پێشتر دەکا، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەم نووسینانە زیاتر شتێکی مێتافیزیکی و زیاتر شێعر بووە کە کــەم وا خۆی لە قەرەی باس و بابەتــی خەڵکی ئاســاییی کۆمەڵگا دەدا، ئەوی نووســراو بوو، بەڵام کاتێ پەتیگەریی زمان ساز بوو، نێوەرۆکیش گۆردرا، تۆ بۆ وێنە شێعری سەیفولقوزات دەبینی کە تەقریبەن دەکاتە سەرەتای سەدەی٢٠ یان سەدەی ١٤ی هیجری، بەراشکاوی باس لەسەر کێشەی خەڵک دەکا، بــاس لەســەر هێندیک ئاوات و ئــارەزوو دەکا کە بــۆ خەڵکی ئەمڕۆ و ژیانی ئەمڕۆیە، ئەم جۆرە بابەتە زۆر بە*

*کەمی لە پێشڕەوتی پەتیگەریدا تووشی دەبی، ئایا هۆکاری زمانی هەیە یان چ هاندەرێک هەیە لێرە؟*



کامیان هۆکاری زمانی؟ ئەو گۆڕانی زمان بە وێنەی سەیفولقوزات؟

**پێشک** *نە گۆڕانی نێوەرۆک، گۆڕانی ئەوەی کە زمان دەگۆڕدرێ، نێوەرۆکیش لەگەڵی دەگۆڕدرێ، هۆکاری زمانی هەیە یان هۆکاری دیکەی هەیە؟*



دەتوانێ چەند هۆکاری هەبێت، هەم سیاسی (بۆ نموونە، وشیاریی ئێتنیکی یان نەتەوەیی) و هەم زمانی. هۆکارەکە هەرچی بێت، کارتێکەریی زمان و ناوەرۆک پێوەندییەکی دیالەکتیکییە: ناوەرۆکی نوێ، زمانی نوێ دەخوازێت و زمانی نوێ، ناوەرۆکی نوێ بەرهەم دێنێت. زمان هیچ کات تەنیا کەرەسەیەکی دەربڕینی ئەو شتانە نییە کە دەیانزانین و گەرەکمانە دەریانبڕین، بەڵکوو زمان فکری نوێ و شێوەی بیرکردنەوەی نوێش بەرهەم دێنێ و دێنێتەوە.

کاتێ ناوەرۆک دەگۆڕێت، واتە گەرەکتە باسی بابەتێکی نوێ بکەیت، ناچاری زمانەکەت بگۆڕی، چونکە پێویستیت بە وشە و دەربڕینی نوێ هەیە. بۆ نموونە، لەم دواییانەدا، بۆ ئەوەی میدیای کوردی و کاربەدەستەکان بتوانن بە کوردی باسی کۆڤید بکەن، ناچار بوون زۆر وشەی تازە بێننە ناو زمانی کوردییەوە، کە هەندێکیان وەرگیران، هەندێکیان داتاشران و هەندێکیان زیندوو کرانەوە. سەبارەت بە سەیف، یان دوای ئەو دەتوانین باسی خالەمین، سەید کامیل، حەقیقی و زۆر کەسی دیکە بکەین، گۆڕینی زمان کردەیەکی وشیارانە بوو. ئەمە، بە ڕای من، بەرهەمی ڕەوتێک بوو کە ڕووی لە ڕۆژهەڵات کرد: وشیاربوونەوەی ئێتنیکی یان نەتەوەیی. ئەمەش هۆی جیاوازی هەبوو، وەکوو ئاگاداربوونەوەی زۆرتر لە باکوور، بە پلەی سەرەکی بە بۆنەی شیعرەکانی حاجی قادرەوە، ئاگاداربوونەوە لە ئاڵوگۆڕییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ئاکامەکانی لە باشووری کوردستان بەتایبەتی. ئەو جۆرە زمانە خەڵکییە و دوورکەوتنەوە لە زمان و گوتاری عەرەبی و نوخبەی ئەو کاتی لەناو فارسەکاندا دەمێک بوو دەستی پێکردبوو. لەبیرمان بێت کە ئەهلی قەڵەم و فکر و شیعری ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەکی بەرچاو لەژێر تەئسیری ئەو شاعیرانەدا بوون کە دەورێکی گرینگیان لە سەردەمی مەشرووتەدا بینی، وەکوو ئیرەج میرزا. ئەوانیش بە زمانی خەڵک دەیاننووسی و شیعرەکانیان باسی بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و نەتەوەیییەکانیان دەکرد.

کارتێکەریی ئیرەج میرزا بەتایبەت لەناو شاگردەکانی سەیفدا، واتە هەژار و هێمن، هەر ماوەتەوە و ئاشکرایە. با هیچ دوور نەڕۆین، شێعرە بەنێوبانگەکەی مامۆستا هەژار کە بەشێکی دەڵێ، "لە ناو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە / زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە ..." لە ئێرەج میرزا وەرگیراوە: "آنکه در این گور خفته منم / ایرجم، ایرج شیرین سخنم ..." یان، بۆ وێنە مامۆستا "هێمن" شێعرێکی هەیە بە ناوی "لەبیرم مەکە". ئەویش لە ئیرەج میرزا وەرگیراوە. یادی بەخێر، کاتی خۆی لە شێلاناوێ، لە مامۆستا هێمنمان پرسی (لەگەڵ د. ئەمیر جەعفەری)، ئایا ئەو شیعرەی لە ئیرەج میرزا وەرگرتووە و، ئەگەر وایە، بۆچی ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەکردووە. لە وەڵامدا گوتی:

وایە، ئەمە هەمان شـــیعری ئیرەج میرزایە کـــە کاتی خـــۆی بـــراوەی کێبەرکێیەکی شیعری فارســـی بووە. مامۆستا درێژەی دا: کاتی خۆی کە تاریک و ڕوون چاپ دەبوو، من نووســـیبووم کە ئەو شیعرەم لە ئیرەج میرزرا وەرگرتووە. بەڵام، د. قاسملوو گوتی: تۆ ئەو شـــیعرەت زۆر گۆڕیوە، شیعرەکەی ئیرەج میـــرزا چەند بەیتە، بەڵام ئەوەی تۆ چەند لاپەڕەیە، بۆیە پێویست بەو پەراوێزە ناکات.

*سەیف بەیتێکی شێعری هەیە دەڵێ: ئازادی، میری و گەورەیی / داوا بکەن بە زار و زمان، ددان ولێو.*



بەڵـــێ ڕێـــک وایـــە. واتـــە، ســـەرهەڵدانی بیری کوردایەتی بـــووە کـــە زمـــان و فۆرمـــی شیعریشـــی لە ئەدەبی کوردیـــدا گۆڕیوە. ئیتـــر دوایە کـــە دەگاتە هـــەژار، هێمن و هێدی ئەو ڕەوتە دەگاتە لووتکە. دیارە لە سەردەمی پەشـــێو، ش. بێکەس، سوارەی ئیلخانیزادە، چاوە و هاوار و زۆر شـــاعیر و نووســـەری پەخشـــان و داســـتاندا ئیتـــر نووســـینی کوردی تـــەواو دەکوردێندرێ. فێرگەکانیـــش لە باشـــووری کوردســـتان ڕۆڵێکـــی گەورە دەگێڕن. کە زمانەکە گۆڕا، ناوەرۆکەکەش تووشـــی گۆڕان دێت. واتە، پێوەندییەکـــی دیالەکتیک هەیە لە نێوان زمان و ناوەرۆکدا.

*با بچینە ســـەر باسی فۆلکلۆر ، فۆلکلـــۆر بـــە نێـــوەرۆک زۆر باس و بابەت دێنێتە گـــۆڕێ کە هی خەڵکی ئاســـاییە، هی خەڵکی ڕەشـــاییە و بـــە زمانێکیش نووســـراوە کە نزیکە لە کوردیی پەتی. ئەوە یانی چی وا دەکات ئەو فۆلکلۆرە کە زمانحاڵی خەڵکە، بەو زمانە بنووســـرێت ؟ چۆنە کە دوای ئەو شـــتەی کە بە هەرحاڵ کوردیی پەتی پـــێ دەگوتـــرێ، دەگەڕێتەو بۆ ســـەر فۆلکلۆر؟*



جیاوازی هەیـــە لەنێوان زمانی پەتی و زمانـــی زارەکی. زمانی زارەکی شتێکی خۆرسکە، بەڵام زمانی پەتی تا ڕادەیەک دروست دەکرێت، یـــان هەمـــان زمانـــە زارەکییەکـــە و نووســـراوەکەیە کە پەتـــی دەکرێت. زمانی پەتـــی بڕیارە کە بێبەری بێت لە وشـــە و دەربڕینـــی بێگانـــە، بەڵام زمانـــی زارەکی لەوانەیە وشـــە و دەربڕینی زمانی دیکەی تێدا بێ، جا یان کوتومت وەکوو خۆی، یان بە ڕاوێژێکـــی ناوچەیی کوردی. هەروەها، زمانی زارەکی باســـی پێوەندییە ســـاکار و کۆنەکانی مرۆڤەکان دەکا، وەکوو خزمایەتی، هاوســـەرگیری، ئەوینداری، دۆستایەتی و دوژمنایەتـــی. بەڵام، زمانـــی پەتیکراو کە باســـی ئەم بابەتانـــەش دەکات، ڕەنگە لە لێنزی زانستی ئەمڕۆوە باسیان بکات وەکوو دەروونناسی، کۆمەڵناسی و هتد، یان باسی بابەتی ئەبستراکت و فکریی نوێ بکات کە ئەو زمانـــە زارەکییە لەوانەیـــە دەرەقەتی نەیەت.

*لـــە دیوەخـــــــان ڕاوێژێکی تایبـــەت بـــەکار دەهـــات، جیـــاوازی هەبـــوو لەگـــەڵ زمانـــی خەڵکی ناو دێ، ئەمـــە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی بوو ئـــەو کارەی دەکرد یا جۆرێک خۆ جیاکردنەوە بوو، ئەو جۆرە زمانە تایبەتە لە ڕووی زمانناسییەوە چ نێوێکی هەیە و چـــی وا دەکات کە ســـەرهەڵبدات، دیارە مـــن لێرە ڕاوێژم بـــۆ داناوە، جا نازانم ڕاوێژ دروستە یان نا؟ پێم خۆشە لەسەر ئەویش قسە بکەن!*



وایە. ڕەنگــە هەر ئەو ناوەی تۆ بــۆت دانــاوە، واتــە "زمانــی دیوەخانــی"، تــەواو بێــت. لێکۆڵینــەوە لــە زمــان و پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵ، ســەرنجی سەرەکیی ئەو زماناسانەیە کە لە زمانناسیی کۆمەڵایەتی دەکۆڵنــەوە. لەم بوارەدا چــی دەزانین؟ ئەمە دەزانین، کە لــە زۆربەی زمانەکانی دنیادا، شێوەی قسەکردن، وشە هەڵبژاردن، چۆن گوتنیــان و چۆنیەتیی ڕێزکردنیان دەتوانێت بە خەڵکی تر بڵێت کە تۆ کێیت، چ جــۆرە ژیانێکت هەیە، ســەر بە کامە چینیت و هتد. لە ئینگلستان، ئەمڕۆشی لەگــەڵ بێــت، هەتــا زۆرتر لە وشــەی ئینگلیزیــی ئەوتۆ کەلــک وەربگریت کە مۆرکی ئەمریکای پێوە بێت، زۆرتر نیشان دەدەیــت کە لە چینی باڵادەســت نیت. کەچــی، لە ئەمریکا، بۆ وێنە لە نیویۆرک، ئەگەر وەکوو ئینگلستانی وشەیەکی وەکوو /کار/ (ماشــێن) بڵێیت، واتــە بڵێیت /کاا/ ئەوە نیشان دەدات کە لە چینی باڵا نیت. ئەمانــەش هەمــوو هــۆی مێژوویــی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان هەیە. بە منداڵی لە دیوەخانان بووم و ئەمانەم زۆر بیستووە: عەرز بێ بە خدمەتی باســەعادەتی ئاغای خۆم؛ بەڵێ، فەرمایشتە؛ بەڵێ، دەتفەرموو؛ عەرزت کــەم؛ و هتد. کــە لەبری وانە، خەڵکی ئاســاییی گوند دەیانگوت: با پێت بڵێم/جا دەڵێم؛ ئــا، وایە؛ ئادی، دەتکوت؛ پێت بلێم؛ و هتد. ئەمەش هۆی چی بوو؟ هۆیەکــی ئەوە بوو کە خــۆت گوتت: بەم جۆرە بەگ و ئاغــاکان خۆیان لە خەڵکی ئاســاییی دێ، واتە جووتبەندە و ڕەشایی، جیا دەکردەوە. ســنوورێکیان دەکێشــا. هۆیەکــی دیکــەش ئەوە بوو کــە ئەوانە خوێندەوارتر بوون لە خەڵکی دێ. سەعدی و حافزیان خوێندبوو، شایەر و بەیتبێژ لە دیوەخانیان بوون. هەندێکیان مامۆستایان بۆ دەهاتە ماڵ. ئەمانە کارێکی وای کردبوو کە وشــە و دەربڕین لە فارسی و عەرەبی فێــر بن. لەگەڵ خزم و کەســی خۆیان تەمرینیــان دەکــرد و پێــی ڕادەهاتن. ئێستاش، لە هەر ناوچەیەکی کوردستان، دەتوانیت بە شێوەی قسەکردنی کەسێک زۆر زانیاری لەســەر کۆ بکەیتەوە: خەڵکی کام ناوچەن، خەڵکی دێن یان شار، ئاستی خوێندەوارییان چەندە، ئاســتی وشیاریی زمانییان چەندە و، گەلێک شــتی دیکە. هەڵبــەت، هەندێــک جاریــش هەیە کە وشــیاریی زمانی کەسێک زۆر باشە و ئەو کەســە دەتوانێــت زمانی خــۆی بە پێی هەلومــەرج بگۆڕێت. من شــانازی ئەوەم هەبوو کە زۆر لە خزمەت مامۆستا هێمندا بــم بە حوکمی ئەوە کــە خزمی بووم. بە دەیــان جار بینیومە کە لەگەڵ ژن وەکوو ژنــان دەدوا، لەگەڵ لاوان بە زمانی ئەوان قسەی دەکرد، لەگەڵ جووتێر و جووتبەندە بــە زمانی گوند و دەغڵودان دەدوا، لەگەڵ خوێندەوار بە زمانی کتێب قسەی دەکرد، لەگەڵ پیــرەکان دەچووە ســەر ڕاوێژی ئەوان و هتد. ئەم لێهاتوویی‌یە دەکرێ بە پێچەوانــەش بێت. دەکرێت کەســێک بە ئانقەســت وەکــوو کەســێکی دیکە یان دەستەیەک خەڵکی دیکە قسە نەکات بۆ ئەوەی خۆیان لێ دوور بکاتەوە. واتە، زمان دەتوانێــت ئامرازێکی یەکجــار بەهێزی یەکگرتوویــی و خۆلێنزیکردنــەوە، یان، کەرەســەیەکی دژایەتیکــردن و خۆلێدوورکردنــەوە بێت (Solidarity vs. Divergence). هێندێــک جــار جۆرێ قســە دەکەین بۆ ئەوە کە بە کەســەکە بڵێین، منیش وەکوو تۆم و لە چیتی تۆم، من وتۆ لە یەک پێشینەین، سەر بە یەک نەتەوەیــن و هتد. لە باســی دیوەخاندا، ئەگــەر تۆ وەکوو ئەوان قســەت نەکردبا، ئــەودەم ئەندامەتیــت لــەو دیوەخانەدا

دەکەوتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر بە ئانقەست ئاوات کردبایە، واتە لە دەست هاتبا وەکوو ئەوان بدوێیت و نەتکردایە، لەوانەبوو بە بێڕێزی دابندرێت. ئەو شێوە قسەکردنە کۆدێک بوو کە ئەندامەتی کەسانی سەر بە دیوەخانی مسۆگەر دەکرد. وەکوو فیلتەرێک بوو: هەر بە قسەکردنەکەیان دەتزانی کێ سەر بەو دیوەخانەیە و کێ بێگانەیە. ئەمە ئێستاش هەیە. مامۆستاکان وەکوو کرێکارەکان قسە ناکەن، ئەو مامۆستایانەی زمانی بیانی دەزانن، تەواو وەکوو ئەو مامۆستایانە قسە ناکەن کە ئەو زمانانە نازانن. هەموو ژنەکان وەکوو یەکتر قسە ناکەن، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک کۆدی هاوبەشیان هەیە کە لەگەڵ قسەکردنی پیاوەکان، یان ئەوانەی لە گوتاری پیاوانەدان، جیاوازە. لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە زۆر گرینگە، چونکە دەتوانێت لایەنی شاراوەی کۆمەڵمان بۆ دەربخات. بە هەزاران لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە لە ناو ئینگلیزییەکان کراوە، بەڵام بەداخەوە خوێندنەوەی جۆروجۆریی زمان لە کوردەواریدا یان هەر نیە، یان زۆر کاڵ و کرچە.

*ئایا کارتێکەرییەکی هەیە لەسەر دەوڵەمەندی و هەژاربوونی زمان، وەختێک بۆ وێنە ئەگەر زمان وەکوو نوسراوە سەیر بکەی؟*



جیاوازیی ئاشکرا هەیە لەنێوان زمانی قسەکردن و زمانی نووسین. ئەم جیاوازییانە دەتوانن ئەوەندە زۆر بن کە هەندێک کەس گوتوویانە زمانی نووسین هەر زمان نییە، بەڵکوو تێکنۆلۆژییەکە. والتر ئانگ/ئۆنگ دەڵێ: "نووسین تێکنۆلۆژییەکە مێشکی ئێمە دەگۆڕێ". واتە، ئەو پێی وا بوو کە نووسین تەنیا ئەوە نییە کە نوێنەری ئەو دەنگانەی زمان، یان ئیشارەکانی زمان، بێت. بەڵکوو، پێی وابوو، کە نووسین پاڵمان پێوە دەنێت کە بیرکردنەوەمان بگۆڕین، واتە چۆن سەری باسێک دەکەینەوە، لە کام بابەتەوە بۆ کام بابەت دەچین، ئەم وردە بابەتانە چۆن بەیەکەوە گرێ دەدەین، چۆن هەودایەک هەموو داستانەکە بەیەکەوە گرێ دەدات و ڕێگا نادات کە ملوانکەکە هەڵوەشێتەوە، هەتا لە شوێنی خۆی گرێ دەدرێت. هەر ئەم وتووێژەی من چاو لێبکە. ئەگەر جارێکی دیکە نەمنووسیباوە، خوێندنەوەی ئاسان نەدەبوو. بۆ؟ چونکە، ڕستەی پچڕاوی زۆر تێدا دەبوو، فکری ناتەواوی تێدا دەبوو. هەندێک ڕستە و پارستەی تێدا دەبوو کە تەواو لەگەڵ دەوروبەریان ڕێک نەبوو. هەڵبەت ئەگەر خەڵک گوێی لە قسەکانم بووبایە لە من دەگەیشتن، چونکە بێجگە لە وشە، کەرەسەی دیکە لە قسەکردنەکەمدا هەیە یارمەتییان دەدا، وەکوو دەنگ نزم و بەرز کردنەوە، پشوودان، پشووی کورت و پشووری درێژ، تۆنی پرسیار کردن، تۆنی واتادار، تۆنی تەوساوی، تۆنی پەسندکردن و تۆنی ڕەتکردنەوە و هتد. لە نووسیندا، ئەمانە نابیسترێن. بۆیە، کە هەمان دەق دەنووسمەوە، بە جارێک دەگۆڕدرێ. ئێستا ناچارم هەر ئەو تێکنیکانە بە هێما و ئیشارەی دیکەی نووسین قەرەبوو بکەمەوە. زمانەکەشم دەگۆڕێت. کاتێ لەگەڵ ئێوە وتووێژەکەم کرد، هەرچەند هەوڵ دەدەم کە زمانی کوردیی ناوەڕاستی ئەمڕۆی میدیا و فێرگە بدوێم، موکریانییەکەم لێرە و لەوێ سەرهەڵدەدات. بەڵام، لە نووسینەکەمدا، ئەمە زۆر کەم دیارە، واتە ڕێگا نادەم کە بەرچاو بێت. هۆیەکەشی ئەمەیە کە من ئەمە بۆ کوردی سنە و سلێمانیش دەنووسم، نەک هەر بۆ موکریان.

زمانی نووسین لە لایەنی دیکەشەوە زمانێک دەوڵەمەندتر دەکات. کاتێک زمانێک دەنووسرێت، بە لانی زۆرەوە لەبەر ئەمەیە کە گەرەکیە ببێت بە زمانی خوێندن، یان زمانی میدیا، یان زمانی کارگێڕی. بۆ هەر کام لە ئەمانە، ئەو زمانە ناچارە کە وشە و دەربڕینی نوێی هەبێت بۆ ئەوە کە بتوانێت باسی ئەو بوارانە بکات. ئەمەش زەنگینی دەکات. هەروەها، زمانی نووسین، بەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باسم کردن، دەبێ وردتر و دەقیقتر لە زمانی زارەکی بێت، چونکە نووسەر لە لامان دانەنیشتووە لە کاتی خوێندنەوەی نووسینێک هەتا پرسیاری لێبکەین. نووسینەکە دەبێ بۆخۆی پێشبینیی پرسیارەکان بکات و وەڵامیشیان بداتەوە. بڕوانە ئەم جیاوازییە. کاتێ ئێمە قسە دەکەین، دەتوانین تەنیا بە ئامرازی "و" دەیان ڕستە و پارستە و گرێ بەیەکەوە گرێ بدەین. ئەو کەسەی گوێمان لێدەگرێت بە باشی لێمان تێدەگات. بەڵام، کاتێ دەنووسین، دەبێ لە دەیان لکێنەری دیکە کەلک وەربگرین بۆ ئەوەی کە وردتر بنووسین و هەندەش "و" دووپاتە و چەندپاتە نەکەینەوە. بۆ وێنە، دەتوانین کەلک لە ئەمانە وەربگرین: هەرچەند، لەگەڵ ئەمەدا، بێجگە لەوە، دوای ئەمە کە، سەرەڕای ئەمە، ئەمە لە لایەک، نەتەنیا ئەو...بەڵکوو...، لە کاتێکدا، و هتد.

*کاک دکتور هێندێک بێینە سەردەم، دیاردەیەک ، ڕووی داوە بەتایبەت لە سۆشیال میدیادا کە دەرفەتێکی زۆر گەورە کراوەتەوە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی زمانی خۆت بەکار بێنی، بەڵام لەگەڵ ئەوە نووسینی هەڵە و تەنانەت نووسین بە فۆنتی زمانی تر بۆ وێنە بە کیبۆردی فارسی، کوردی دەنووسرێ یان تەنانەت بە فۆنتی ئینگلیزی دەنووسرێ، ئێوە وەکوو زمانناسێک ئەم دیاردەیە چۆن لێک دەدەنەوە؟*



ئەوە لە زۆربەی کۆمەڵ و زمانەکاندا هەبووە و هەیە: گلەیی لە چۆنیەتیی دەکارهێنانی زمان لە گۆڕەپانی نوێ یان بە تێکنۆلۆژیی نوێ. لە ئەورووپا کاتێ دەزگای گوتنبرگ، دەزگای چاپ، پەیدا بوو، کلیسا زەندەقی چوو، پادشاکانیش گوتیان، ئەوجار خەڵکی دیکەش دەتوانێ بزانێت کە ئەو چەند کتێب و ئینجیلە، چییان تێدایە. دەیانزانی کە لە دەسەڵاتیان کەم دەبێتەوە. کاتێک تەلەڤیزیۆن پەیدا بوو، لە ڕۆژاوا گوتیان کە ئەخلاق و دین، بە پەنجەرەدا ڕایان کرد، بنەماڵە لێک هەڵوەشا، قسەزلی پەیدا بوو و هتد. ڕاستیان دەکرد. دیسانیش لە دەسەڵاتی پاوانخوازان کەم بووەوە. هەڵبەت دەسەڵات چووە دەستی دەستەیەکی دیکە: خاوەنانی دەزگا میدیاییەکان. کاتێ، ئینترنەت پەیدا بوو، بە سەدان وتار لە باشترین ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دنیای ئینگلیزی نووسرا کە گوتیان، "زمانەکەمان وێران بوو". بۆ نموونە، کاتێ ئێس.ئێم.ئێس، واتە وردەدەق، لەسەر ئینترنەت و دوایەش لەسەر تەلەفوونی زیرەک پەیدا بوو، پاسەوانانی زمانی ئینگلیزی بە دەیان وتاریان نووسی و گوتیان: منداڵەکانمان نازانن چۆن بنووسن، لە باتی نووسینی وشە و ڕستەی تەواو ڕوویان کردووەتەوە کورتکراوە و نیشانەکان و، ڕێنووسەکەیان زۆر خراپە. هەندێک پڕۆفسۆر دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەمە. دەیڤید کریستڵ، زمانناسێکی بەناوودەنگی بریتانیا، کتێبێکی لەسەر ئەمە چاپ کرد: زمان و ئینترنەت (٢٠٠٦). ئەمەش و ئەوانی

دیکەش نیشانیان دا، کە وەزعەکە ئاوا نەبوو کە دەیانگوت: ڕێژەی کورتکراوەکان زۆر کەم بوو، نیشانەکان زۆر باش بوون بۆ لەیەکتر تێگەیشتن و ڕێنووسیش ئەوەندە خراپ نەبوو کە دەگوترا. بۆیان دەرکەوت کە تەنانەت لایەنی ئەرێنی زۆرترن. بۆ نموونە، بۆیان دەرکەوت کە منداڵەکان بە هۆی کەلکوەرگرتن لە وردەدەقی سەر کەمپیوتێر و تەلەفوونی زیرەک زووتر و زۆرتر لە جاران دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن.

لە دنیای کوردیشدا ئەو قسەوباسانە هەن. من ئاوای بۆ دەچم. کوردی ڕۆژهەڵات ئەگەر هەڵەی ڕێنووس بکات، من گوێم لێ نییە. بۆ؟ چونکە جێگا و شوێنی دیکەی نییە کە زمانەکەی بنووسێت، نە لە فێرگە، نە لە کارگێڕیدا. تەنانەت بۆی نییە لەسەر تابلۆی دووکانەکانی بە کوردی بنووسێت، جا بە هەر هۆیەک بێت. ئێستا کە دێ و لەسەر خەتی مەجازی بە کوردی دەنووسێت (ئەمە بۆ کوردی باکووریش ڕاستە) من زۆرم پێ خۆشە. لەم دواییانەدا، کوردەکانی باکوور دروشمێکیان هەیە: کوردی بەهەڵە نووسین و قسەکردن باشترە لە کوردی نەنووسین و قسەنەکردن. لە هەلومەرجی خنکێنەر و بەربەستی ڕۆژهەڵات و باکووردا ئەمە زۆر ڕاستە. ئەگەر مەبەست باشووریش بێت، ئەوە داستانێکی دیکەیە. بە ڕای من، ئەو کەسانە کە لە نووسینی کوردیدا جیددی و شێلگیرن، جا خەڵکی ئاسایی بن یان مامۆستای زانکۆ، هەم لەسەر کاغەز و هەم لەسەر ئینترنەت و سۆسیال میدیا جیدین و باش دەنووسن. ئەوانەی لەناو سۆسیال میدیا و لەسەر ئینترنەت خراپ دەنووسن، ئەمانە کاتێ کتێبیش چاپ دەکەن بە سەدان هەڵەیان هەیە. ئەمانە، کە هەندێکیان لە ئاستی 'پرۆفسۆر' دان، ئێستاش جیاوازیی خاڵ و ڤاریزە/ویرگول نازانن. ئەمانە بەر لە سۆسیال میدیاش هەر نەیاندەزانی. هەڵەکان لە خۆیانەوەیە، لە سیستەمی پەروەردەی باشوورەوەیە، نەک لە سۆسیال میدیاوە.

ئایا ئەوەی کە هەڵە دەکرێ لەسەر میدیای کوردی باشە؟ نا ، بەڵام بەڕای من دەبێ وشیاریش بین کە بزانین مەبەستمان لە "هەڵە" چییە. هەروەها، ئەوەشمان لەبیر بێت کە زۆربەی ئەوەی دەیکا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باکوور، تاوانی خۆی نییە. لەو مەڵبەندانە، بۆ من گرینگە کە سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و تەوژمانە هێشتا خەڵک بە کوردی قسە دەکەن یان لەوەش گرینگتر بە کوردی دەنووسن. کاتێ ئەمە دەبینم، لە خۆم ناپرسم بۆچی بە هەڵە کوردی دەنووسێت، بەڵکوو دەپرسم: بۆچی بە کوردی دەنووسێت، جا هەر کوردییەک بێت؟ ئەمە پرسیارێکی گرینگە کە هەڵدەگرێ تێزی دوکتۆرای لەسەر بنووسرێت. زمان هەڵبژاردن دەکرێ گرێ بدرێتەوە بە ناسنامەوە، بە خۆنزیکردنەوە لە کەسی دیکە یان خۆدوورکردنەوە لە هەندێکی دیکە، بە خۆدەربڕینی ئاشکراوە یان بە خۆشاردنەوەوە، بە خۆدوورکردنەوە لە زمان و کولتوورێکی دیکەوە، بە دەربڕینی هەڵوێست دژی زمانێکی دیکە کە بەزۆر خۆی بەسەردا سەپاندووە و هتد. ئەمانە پرسیاری گرینگن کە زمانناسێکی کۆمەڵایەتی لێیان دەکۆڵێتەوە. لەناو زمان و کۆمەڵەکانی دیکەدا ئەمانە زۆر کراون و بە دەیان وتار و کتێبیان لەسەر بڵاو کراوەتەوە. لەناو ئەدەب و زمانی کوردیدا گۆڕەپانێکی فرەوان هەیە بۆ ئەوە کە لێکۆڵەران خۆ لە قەرەی ئەم جۆرە بابەتانە بدەن. هیوادارم هەرواش بێت.

ئەگەر وشیار نەبین، ڕەخنەگرتنی توند لەو کەسانەی کە زمانی کوردی "بە هەڵە" کەلک وەردەگرن یان دەنووسن، لەوانەیە ببێتە هۆی دوورکردنەوەیان لە زمانەکە بۆ هەمیشە. ئەمە دڵسۆزی نییە بۆ زمانی کوردی؛ ئەمە ئاو لە ئاشی سەرکوتکەری زمانی کوردی دەکات. ساڵێک لەمەوبەر"کۆڤید" تازە دەستی پێکردبوو، کاک "بەهمەن قوبادی" هێندێک ڤیدیۆ کلیپی بە فارسی لەسەر چۆنیەتیی دروست کردنی فیلم دانا. لەسەر ئینستگرام. دوایی هێندێکیان گلەیی‌یان کرد کە کاک بەهمەن بۆ بە کوردیش ئەو کارە ناکات. دیارە ئەوان مەبەستیان ئەمە بوو کە چونکە کاک بەهمەن خۆی کوردە و بانەیی‌یە، ئەگەر بە کوردی قسە بکات، ئەوە ئاستی زمانی کوردی بەرز دەکاتەوە؛ کوردەکان شانازی نەک هەر بە کاک بەهمەن بەڵکوو بە زمانەکەشیانەوە دەکەن کە فیلمسازێکی بەناوودەنگ قسەی پێدەکات. ئەمە دوو سوودی دیکەشی هەبوو. کوردەکانی باشوور هەروەها دەیانتوانی کەلک لە ڤیدیۆکانی وەربگرن و، زمانی کوردیش لە بواری فیلمەوە دەکرا دەوڵەمەندتر بێت.

کاک بەهمەن دەستی پێکرد و هەر ڕۆژەی ڤیدیۆیەکی بە فارسی و کوردی بڵاو دەکردەوە؛ واتە، هەمان ناوەرۆک بە دوو ڤیدیۆ، یەک بە فارسی و یەک بە کوردی، لەسەر ماڵپەڕەکەی ئینستگرامی بڵاو دەکراوە. خەڵکێکی زۆر چاوی لێدەکرد. من هەندێک لەمانەم تۆمار کرد و ئێستاش ماومن. بەڵام، ڕۆژێک لە لایڤی ئینستاگرامدا، توورە بوو و گوتی: هێندێک کەس نامە دەنێرن بۆ ئەدمینەکانی پەیجەکەم و دەڵێن کە بۆ کوردی جوان قسە ناکەی؟ گوتی: من کوردی جوان قسە ناکەم، لەبەر ئەوەی کوردی خۆی جوان نییە، زمانێکی ڕێکوپێک و یەکدەستی نییە. ئاشکرا بوو کە کاک بەهمەن زۆر توورە بوو. دوو سێ وشە و دەربڕینی دەکار کرد کە بۆ من جێگای سەرسووڕمان بوون، چونکە هەڵە بوون و لەو نەدەوەشانەوە. چاوەڕوان نەبووم کە ئەو پێی وا بێت، زمانی "دروست" و "نادروست" هەیە، یان زمانی "یەکدەست" هەیە، یان زمانی کوردی تەنیا زمانێکە کە چەند زاراوە و شێوەزاری هەیە. لە لایەکەوە بۆم دەرکەوت کە زانیاریی بەڕێزیان لەسەر زمان زۆر کاڵوکرچە، لە لایەکی دیکەشەوە دڵگران بووم لەو کەسانەی کە ڕێگایان نەدا کاک بەهمەن هەر بەو زمانە قسە بکات کە دەیزانی و لەگەڵی ڕاحەت بوو. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە بەهمەن قوبادی چی تر ڤیدیۆی کوردی دروست نەکرد. خۆ ڕاستە زمانەکەی پڕ بوو لە وشە و دەربڕینی فارسی و بیانی، بەتایبەت دەربڕینەکانی سەبارەت بە فیلم و فیلمسازی، وەکوو: کارگەردان، سەحنە، بازیگەری، هونەرپیشە، یان دەربڕینی وەکوو، بۆ ئەوە کە ئەو نەقشە بە باشترین نەحوی مومکین ئیجرا بکات و هتد. بەهەرحاڵ، ئەو بە فارسی فێری ئەو شتانە ببوو و ئێستاش بە فارسی بیر لەو شتانە دەکاتەوە. تاوانی نییە کە ئاوایە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەکرا ڕەخنەکە کارسازانە بێت، بۆ وێنە پێشنیار بکرێت کە کاک بەهمەن چاو لە هەندێک وشەدانی هونەری بکات، یان گوێ بگرێت لە چەند فیلمسازی باشووری کوردستان و وشە و دەربڕینە تێکنیکییەکانیان لێ فێر بێت و هتد. من کەسی ئەکادیمیی کوردزمان دەناسم کە دەساڵ لەمەوبەر زۆربەی وشە و دەربڕینەکانی، بۆ نموونە لەسەر زانستی سیاسی، یان فارسی بوون یان ئینگلیزی. تەنیا لێرە و لەوێ وردەئامراز و بکەرەکانی

کوردی بوون: لە شەڕایەتی بوحرانیی حازردا ناکرێ مەوزعێکی عامەپەسەند ئیتیخاز بکرێ. کەچی، هەر ئەو کەسە ڕەنگە ئەمرۆ ئاوا قسە بکات: لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستادا ناکرێ هەڵوێستێکی بازاڕی یان باو ڕەچاو بکرێ. بۆ؟ چونکە ئەو کەسە، لەو ماوەیەدا، تێکستێکی زۆری کوردی خوێندووەتەوە، گوێی لە خەڵکی دیکە گرتووە کە لە بوارەکەی ئەودا پسپۆڕن و بە کوردی دەدوێن و، زۆر وتووێژی بە کوردی کردووە و هەر جارەش هەوڵی داوە کە چەند وشە و دەربڕینی نوێ بێنێتە ناو گوتارەکەیەوە. دەکرا ڕێگایەکی ئاواش بە کاک بەهمەن نیشان درابایە. ئەمە دڵسۆزی نییە بۆ زمانی کوردی، بەڵکوو دژایەتییە لەگەڵ زمانی کوردی کە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەنووسێت: "ئەگەر ئاوا کوردی دەنووسی، هەر نەنووسی باشترە."

*خۆتان دەزانن هۆشی دەستکرد قانوون و تایبەتیی خۆی هەیە. کاتێک بتهەوێت سیستەمی گەڕان لە ئینتێرنێتدا بەکار بێنی، مەجبور دەبی بە جۆرێک ڕێوشوێنێک دیاری بکەی کە ئەو هۆشە بە پێی ئەو ڕێوشوێنە بگەڕێی بە دوایدا، بۆ نموونە ئەگەر من بێم "ڕ" ێی سەرەتای وشە بە قەڵەو دانەنێم، ئەو نایبینێتەوە و جیاوازی دەخاتە سەری. ئێستا لێرە چۆن دەتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین ؟ لە لایەکەوە ئەو باسە هەیە کە جەنابت باست لەسەر کردووە، لە لایەکی دیکەوە ئەوە هەیە کە دۆخی دیجیتاڵ کە ژیان زۆریش ئاوێتە و تێکەڵی بووە، خەریکە زۆر فەقیر دەبێ بەرانبەر بە زمانی کوردی، چۆن دەتوانین ئەوە چارەسەر بکەین ؟*



دنیای ئینترنێت ئەو دووفاقییەی تێدا هەیە، لە هەمان کاتدا کە دەرفەت و دەرەتانی داوە بە کەمینەکراوەکان و پەراوێزخراوەکان کە دەنگ و زمانی خۆیان هەبێ، لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی ئەوە هەموو کەس بتوانێ بنووسێت و دەنگی خۆی هەبێت. بەو هۆیەوە دنیای دیجیتالی پەرەی داوە بە فرەزمانی و شێوەزاری. ئەمەش ئالینگارییەکی دروست کردووە. لانیکەم دوو بۆچوون لێرەدا هەن. بۆچوونێکی باختینی (میخایل باختین) دەڵێ کە دنیا ئەمەیە: فرەڕەنگە، فرەدەنگە، زمان هەمووکات لە دیالۆگدا بوونی هەیە، واتا لە دیاکۆگدا هەیە نەک لە پەراوێزی کردەوەدا، و بە گشتی زمان کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک سیستەمێکی یەکدەست و ڕێکوپێک. لە ئاستی ئەپستیمۆلۆژییەوە (زانینناسی) ئەم بۆچوونە لە چێگەراییی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە پێی وایە کە ڕاستی چێکراوێکی کۆمەڵایەتییە. ئێمە بە زانین لەدایک نابین، بەڵکوو بەدرێژاییی تەمەنمان فێر دەبین و فێر دەکرێین کە ڕاستی چییە، خۆش چییە، جوان چییە، دادپەروەری چییە، ستەم چییە، نەتەوە چییە و، زمان چییە و دیالەکت چییە. ئەمانە هیچیان ڕاستییەکی فیزیکی و سروشتییان نییە کە بیپێوین، بەڵکوو فێر دەبین یان فێر دەکرێین کە چین. ئێمەش بڕوایان پێدێنین، بەڵام هەر ئەم بڕوایانەش ڕەنگە بگۆڕێن. لەم بۆچوونەدا، ئەگەر بڕوامان بە ڕێزگرتن بۆ هەموو دەنگەکان و زمانەکان و شێوەزارەکان بێت، ئەوە نابێ گوێمان لە ئەوە بێت کە یەکێک بە شێوەزاری هەولێری، موکریانی، کەلهوری یان ئەردەڵانی دەنووسێت. ئەو کەسانە بۆخۆیان، بە هەڵبژاردنی شێوەزارەکەیان شێوەی دەکارکردنەکەی، بەردەنگی خۆیان

هەڵدەبژێرن. ڕەنگە بۆیان گرینگ نەبێت کە هەموو کوردەکان بزانن کە ئەوان چییان نووسیوە. لەم بۆچوونەدا، دەبێ ڕێگا بدەین کە یەکێک بنووسێت "مندار"، "منداڵ"، "مندال"، یان "مناڵ". بۆ؟ چونکە، ئەم بۆچوونە دەڵێت هەر کە گوتت "منداڵ" دروستە، تۆ بۆ لایەکی دادەدری، یەک بە ڕاست دەزانی و ئەوی تر بە هەڵە دەزانی، هەروەکوو ئەوانەی دەیانهەوێ زمانێکی تەواو بەسەر هەموو کورداندا بسەپێنن. دەی، جیاوازیتان چییە؟ هەردووکتان، لایەنداریی تواندنەوەی شێوەزارەکانی دیکەن لە شێوەزارێکی دیکەدا. من پێم وایە کە شێوەی دەکارکردن و جووڵانەوە لەگەڵ زمان لەناو کورداندا زۆرتر لەو ڕوانگەیەی باختینەوە بووە، چونکە کوردەکان لە قافڵەی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن دوا کەوتن.

لە بەرانبەر ئەمەدا، بۆچوونی "دو سۆسیۆ" (فێغدینان دو سۆسیۆغ، زمانناسی سویسی) هەیە کە دەڵێ، زمان سیستەمێکی یاسامەندە، نۆرم و ڕێسای هەیە، دەکرێ زمان و دیالەکت لە یەکتری جیا بکەیەوە و، دەکرێ بڵێی چی ڕاستە و چی ناراستە. پێوەندیی هەیە لەگەڵ پۆزیتیڤیزم. کاتێ لەم ڕوانگەیەوە بیر لە زمان دەکەیتەوە، پلاندانان بۆ زمان و دروستکردنی زمانی ستاندارد و یەکدەست تا ڕادەیەک هاسانتر و سەرڕاسترە: لەنێو چەند شێوەزاردا یەکیان هەڵدەبژێری، کۆدی دەکەی، ڕێسا و یاساکانی دەدۆزیتەوە و ڕێزمانی بۆ دەنووسێت، قامووسی بۆ دەنووسی (کەلک لە وشەی شێوەزارەکانی دیکەش وەردەگریت)، وشەی نوێی بۆ دادەتاشی، لە هەموو بوارەکاندا بڵاوی دەکەیتەوە و بەم جۆرە سیستەمێکت دەبێت کە دەتوانی بیکەی بە پێوانە بۆ هەڵسانگاندنی نووسین، قسەکردن و هتد. بە پێی ئەم سیستەمە ستاندارده دەتوانی بڵێی کە کامە شێوە کەلکوەرگرتن لە زمانەکەت باشە، خراپە، ڕاستە، هەڵەیە و هتد. ئەمە سوودی خۆی هەیە و زیانی خۆشی هەیە. لە هەر حاڵدا، وێناچێ کوردی بەم ڕەوتەدا تێپەڕ بووبێت. کوردی لەژێر کارتێکەریی هەردوو ڕوانگەدا بووە: لە لایەکەوە لە ژێرەوە دەستی بە ستانداردکردن کردووە، بەلانی زۆرەوە لە لایەن تاکەکانەوە وەکوو تۆفیق وەهبی و بەرێزی دیکەوە، لە لایەکی دیکەوە، ڕەوتێکی دو سۆسیۆیانە هەیە کە گەرەکیە ئەو تاقانە شێوەزارە ستاندارده دابسەپێنێ. ئەمەش سوود و زیانی خۆی هەیە.

لەگەڵ ئێوەم کە پێتان وایە ئەگەر هەموومان وەکوو یەکتر نەنووسین، ڕەنگە ئەو سەرچاوانە نەدۆزینەوە کە گەرەکمانە، یان لەنێوانماندا هاوبەشن. بۆ وێنە، ئەگەر وشەی "ڕێواس" و "ڕێواس" بنووسیت، لە شوێنی گەڕانی گووگڵ، بۆت دەردەکەوێ کە هەرچەند هەندێک سەرچاوە بە هەر دوو شێوە نووسینەکە دەردەکەون، هەندێک ماڵپەڕ و سەرچاوەش جیاوازن. دەردەکەوێت کە ئەگەر بنووسیت "ڕێواس" سەرچاوەی زۆرتر دەدۆزیتەوە. یان ئەگەر بنووسی "گۆڤار" و "کۆڤار" ژومارەی سەرچاوە دۆزراوەکان بۆ ئەوەی یەکەم زۆر زیاترە، چونکە زۆربەی کوردان دەنووسن "گۆڤار." کەوابوو، ڕێی تێدەچێ کە بڵێین، باشترە هەموومان ئاوا بنووسین. من دژی ئەمە نیم. بۆ ئەم یەکدەستییەش، نەرمەئامێر و پرۆگرامی کەمپیۆتێریی نووسین خەریکە یارمەتییەکی زۆر دەدات، هەرچەند ئەوەش ماوەتەوە سەر ئەوە کە چ پرۆگرامێک دەدەیت بە نەرمەئامێرەکەت. لە هەمان کاتدا، دەبێ کەیفخۆش بین کە هەموو شێوەزارەکان هەبن و ژیانی خۆیان درێژە بدەن. لە زۆر شوێنی دنیا مامۆستا ڕێگا دەدات کە منداڵ بە شێوەزاری

خۆی قسە بکات و تەنانەت بنووسێت و بخوێنێتەوە. لە هەمان کاتیشدا، دەکرێ شێوەزارێکی هاوبەش بۆ ناوچەیەکی کە پەسەندی دەکەن، لە ئارادا بێت. ئێمە ناچار نین کە بڵێین، یان ئەمە یان ئەوە. دەبێ فێر بین کە بڵێین، هەردووکیان، هەم شێوەزاری خۆم، هەم شێوەزاری یەکدەستی نووسین، هەم عەرەبی، هەم ئینگلیزی و هتد. داهاتووی مرۆڤایەتی چەندزمانە بوونە لەبەر ئەوە کە سوودی زۆرترە.

*تیشک: کاک دوکتور باسی ستاندارد کردنتان کرد لە نەتەوە بەکەمینەکراوەکان کە لە خوارەوە بۆ سەری بووە، ئایا لەم پرۆژەیەدا پێگەیەک بۆ بنەماڵە دادەنێن؟*



بەبێ شک بنەماڵە زۆر گرینگە. ئێستا بۆ نموونە ئێمە نیزیک پازدە ساڵێکە بوارێکی تایبەتمان هەیە لە بواری پلان ڕۆنان و سیاسەتی زمانی کە پێی دەڵێن "پلان ڕۆنان و سیاسەتی زمانیی ناو بنەماڵە"، "Family language policy and planning" کە ئەمە ئێستا بۆخۆی بووە بە بوارێکی زۆر تایبەت.

زۆر لێکۆڵەر کە تەواوی ژیانی خۆیان لەسەر کۆمەڵناسیی زمان داناوە، وەکوو جاشوا فیشمەن، بڕوایان وابوو ئەگەر زمانێک لەنێو بنەماڵەدا بپارێزرێ، هیچ کەس ناتوانێ لەناوی ببات و کەس پێی ناوێرێ. منیش پێم وابوو. بەڵام، لێرەدا گرفتێک هەیە. لەم سەردەمەدا، پەروەردەی گشتی بە زمانێکی دیکە، لە لایەک، و تێکنۆلۆژی، لە لایەکی دیکەوە، جێگایان بە بنەماڵە لەق کردووە. کاتێک دایک و بابەکە بە فارسی پەروەردە بوو و تێکنۆلۆژیی بەردەستیش زۆربەی بە فارسی یا ئینگلیزی بوو، وردەوردە زمانی ماڵەوە نەتەنیا پرێستیژی خۆی لەنێو کۆمەڵدا لەدەست دەدات بەڵکوو لەنێو بنەماڵەشدا ئەو بڕەوەی نامێنێت. بۆ؟ چونکە لەوانەیە لە گەڕەکدا بە سووک چاوی لێبکرێت و بڵێن ئەوە دێهاتییە بۆیە ئەوا قسە دەکات. سەردەمی شا ئەمە بەسەر خۆمان هاتووە. ئێمە دەستەیەک لاو بووین کە گرۆگاڵی شیعری کوردیمان لێ پەیدا ببوو و بە قسەی خۆمان بە کوردیی پەتی دەدواین. لەبەر ئەمەش، جاروبار گاڵتەمان پێدەکرا، لە مەهاباد، چونکە پەتی بوون بەرانبەر بوو لەگەڵ دێهاتی بوون و "کرمانج" بوون. گۆیا، ئێستا ئەمە دیسان دەستی پێکردووەتەوە. ئەمە جێگای داخە، ئەگەر ڕاست بێت. هەڵبەت، هەست و سۆزی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ زمانەکەیان، بەتایبەت هیممەتی ڕۆشنبیرەکان بۆ زمانەکەیان، لەگەڵ هی سەردەمی شا بەراورد ناکرێت. کاری زۆر گەورە و مەزن لە هەموو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات دەکرێت. ئەمەش نیشان دەدات کە خەڵکەکە زمانی خۆیان چەندە خۆش دەوێت. لێرەدا، بنەماڵەش بەرپرسیارەتی هەیە. من ئەوای چاو لێناکەم کە ئەگەر یەکێک منداڵەکەی فێر نەکرد بە کوردی بخوێنێتەوە و بنووسێت، ئەوە کورد نییە؛ من زاتی ئەوەم نییە و قەت ئەو ڕێگایە بەخۆم نادەم قەزاوەتی وا لەسەر ناسنامەی خەڵک بکەم و بڵێم کوردن یا کورد نین. بەڵام، پێم ناخۆشە ئەگەر زمانێک بفەوتێ. زمان خەڵک دروستی دەکات و تەنیا ئەو کاتەش دەمرێت کە خەڵکەکەی وەلای بنێت.

*تیشک: زۆر سپاس کاک دوکتور بۆ بەشداریت لەم وتوویژەی گۆڤاری تیشکدا. هیوادارین ڕاوەستاو و بێوەی بی.*